• ستار ئەكادیمی یەكێكە لەو بەرنامانەی كە جەماوەرێكی زۆری لە وڵاتە عەرەبییەكان هەیە و تا ئێستا بۆتە هۆی دەركەوتنی ژمارەیەكی زۆری هونەرمەندان و ناوبانگێكی زۆریان دەركردووە و بە ئەستێرە دادەنرێن، بۆیەش هەر كاتێك كە خولێكی نوێی ئەم بەرنامەیە دەستپێدەكات، ژمارەیەكی زۆر لە هونەرمەندە تازەپێگەیشتووەكان و ئەوانەی لە سەرەتای كاروانی هونەری دان رووی



# جیهان:

# گرنگە هونەرمەند هەمیشە لە لوتكەدا بمێنێتەوە



**تێدەکەن، هەروەها لە کوردستانیش چەند بەرنامەیەکی جۆراوجۆر هەیە بە هەمان شێواز پێشکەش دەکرێن و تا ئێستاش بەردەوامن. ئەوەی جێگای سەرنجە بەشێکی زۆری ئەو کچ و کورانەی لە ستار ئەکادیمیدا بەشداری دەکەن لە وڵاتانی رۆژئاوای عەرەبین، جیهان ئەلخەماسیش یەکێکە لەوانەی کە لە خولی سێیەمی بەرنامەکەدا بەشداری کردبوو و ئێستاش زۆربەی کات لە وڵاتی لوبنان ژیان بەسەر دەبات، بۆیە دوای چەندین جار هەوڵدان توانیمان ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین.●**

*** بەرنامەی ستار ئەکادیمی لەلای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- هۆکارێك بوو بۆ سەرکەوتنی من و دەرکردنی توانا و بەهرەکانی من.

*** بەڵام تۆ سەرکەوتوو نەبووی؟**

- گرنگ نییە کە پلەی یەکەم بەدەست بهێنم یاخود لەکاتێکی زوودا ماڵئاواییم لە بەرنامەکەدا کردبێت، بەڵام من پێموایە ئەوەی بەشداری لە بەرنامەکەدا بکات توانایەکی هونەری هەیە ئەگەر شاراوەش بێت.

*** ئایا بەشداربووانی ستار ئەکادیمی لە رکابەریتی نێوانیان دەترسن؟**

- بەشداری کردن لە ستار ئەکادیمی خۆی لە خۆیدا رکابەرێتییە، چونکە لە هەر ئەلقەیەك یەکێك لە بەشداربووان ماڵئاوایی دەکرد، بێگومان هەر یەکێك لە ئێمەش هەموو توانایەکی دەخستە گەڕ بۆ ئەوەی دەرنەچێت و بمێنێتەوە و بگات بە قۆناغەکانی کۆتایی، بۆیە ترس ئەگەر هەبووبێت، ئەوا لەبەر ئەوە بووە کە لە رێگای کارە هونەرییەکانییەوە بوونی خۆی بسەلمێنێت، رکابەرێتی نێوانمان رکابەرێتییەکی پاك بووە و هەموومان وەك یەك خێزان بەیەکەوە دەژیان.

*** ستار ئەکادیمی سوودی پێگەیاندی، یان زیان؟**

-ستار ئەکادیمی تەنیا بەرنامەیەك نییە، بەڵکو سەکۆیەك بوو بۆ شارەزایی و پسپۆری، ناوبانگێکی زۆر بە قوتابییەکان دەبەخشێت و توانا هونەرییە شاراوەکانی لاوان بەدەر دەخات، هیوادارم هەمیشە بەردەوام بێت، بۆ منیش لە هەموو روویەکەوە سوودێکی زۆری هەبوو.

*** بۆ ئەوەی بگەیت بە ئاستی هونەرمەندێکی وەکو سەمیرە سەعید پێویستت بەچی هەیە؟**

- شانازییەکی زۆر گەورەیە بۆ من کە تەنیا ناوم لەگەڵ هونەرمەندێکی وەك سەمیرە سەعید دەهێنن، من بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بم پێویستم بەوەیە کە کاری جوان پێشکەش بکەم، ئاواز و شیعری جوان و خۆش هەڵبژێرم، هەروەها هەوڵ دەدەم کە شتی نوێ پێشکەش بکەم

*** چ پێوەرێکت بۆ هەڵبژاردنی گۆرانییەکانت هەیە؟**

- وەك گوتم شیعر و ئاوازی خۆش و شتی نوێ.

*** هونەر بۆ تۆ وەك ئارەزووەك پێشکەش بکرێت، یاخود بەشێوەی ئەکادیمی؟**

- پێموایە ناکرێ لێکیان جیا بکەینەوە و هەردووکیان تەواوکەری یەکترن، واتە تێکەڵێکە لە ئارەزوو و خوێندن.

*** بۆچی زۆربەی بەشدار بووانی ستار ئەکادیمی دوای تەواو بوونی بەرنامەکە ماوەیەك دوور دەکەونەوە؟**

- هەر کەسێك کە بەشداری لە ستار ئەکادیمیدا دەکات سەرەتا بە جۆشەوە بەشدار دەبێت و هەمیشە لە چالاکیدایە و هەست بە بوونی بەهرەکانی خۆی دەکات، بەڵام دوای ئەوەی بەرنامەکە تەواو دەبێت پێویستی بە حەسانەوە هەیە، هەروەها ئەوانەی زووش دەردەچن کاریگەرییەکی دەروونییان لەسەر دەمینێت، بەڵام دواتر ئەوەی بواری بۆ بڕەخسێت زۆر بە گەرموگوڕییەوە دێنەوە.

*** گۆرانی گوتن بە تەنیا بۆ تۆ باشترە یان ئەگەر پەیوەندیت بە کۆمپانیایەکی هونەرییەوە هەبێت؟**

- ئەمە دەگەڕێتەوە سەر سروشت و توانای هونەرمەند، رەنگە بۆ هەندێك کەس پەیوەست بوون بە کۆمپانیایەك زۆر ئاسایی بێت، بەڵام زۆربەی کۆمپانیاکان مەرجی تایبەتییان هەیە و مەرجەکانی خۆیشیان دەسەپێنن، لە هەمان کاتیشدا رێگا نادەن کەسێك دەست بخاتە نێو مەرجەکانیانەوە، ئەمەش مافی خۆیانە هەرچەندە من ناتوانم بە مەرجی کۆمپانیاکانەوە پابەندبم.


*** چی دەڵێی بەو کەسانەی کە دەڵێن هونەرمەندە ئافرەتەکان ئێستا بە لەشیان گۆرانی دەڵێن نەك بە دەنگ و بەهرەکانیان؟**

- بە هیچ شێوەیەك راست نییە، چونکە ئەگەر وابێت ئەمانە چی دەڵێن بۆ هونەرمەندێکی وەك ئەساڵە نەسری یان وەردە کە تا ئێستاش بەردەوامە لە گۆرانی گوتن و کەسیش ناتوانێت نکۆڵی لە ئاست و توانای هونەرییان بکات و هەمیشە وەك ئەستێرەیەك دەدرەوشێنەوە، بەڵام رەنگە کەسانێك هەبن بەو شێوەیەش گۆرانی بڵێن.

*** بۆچی زۆربەی کات لە لوبنان ژیان بەسەر دەبەی؟**

- بێگومان لوبنان ئێستا پێگەیەکی بەهێزی لەرووی هونەرییەوە هەیە، بۆ منیش گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە

**من لە حاڵەتێکی خۆشەویستی هەمیشەییدام و پێموایە هیچ کەسێک ناتوانێت بەبێ خۆشەویستی بژیت**





من لـە لوبنان و لـە ڕێـگای بەرنامەی سـتار ئەکادیمییەوە ناسـرام، هەروەها کارە هونەرییەکانیشـم هەر لەو وڵاتــەوە ئەنجام دەدەم.

*** بەهێزی کەسایەتی هونەرمەند و لەخۆبایی بوون چ جیاوازییەکیان هەیە؟**

- من بە هەموو شێوەیەك دوورم لە لەخۆبایی بــوون، بەڕای منیـش کەسـایەتی بەهێزی هونەرمەند یان هەر کەسـێکی ئاسـایی ئەو کاتــە دەردەکەوێت کە ڕووبەڕووی بارودۆخ یان پرسـیارێکی نابەجێ دەبێتەوە و بتوانێت چۆن خۆی لەو بارودۆخە ڕزگار بکات و بەشێوەیەکی ژیرانە و دیپلۆماسـیانە بێ ئەوەی کەس لێی زویر و تووڕە بێت یان بتوانێت شـتێکی ناڕاست دەربارەی بڵێت.

*** هەندێك کەس دەڵێن هونەرمەندە گەنجەکان توانیویانە ڕۆڵی هونەرمەندەکانی تر کزتر بکەن، تۆ وەك هونەرمەندێکی گەنج تا چەند لەگەڵ ئەو ڕایەی؟**

- بێگومان هەر شتێکی نوێ لە سەرەتاوە دەنگۆیەکـی زۆری دەبێـت، ئینجا دەگەڕێتەوە سـەر ئاستی سروشتی خـۆی، هەمـوو هونەرمەندان کە سـەرەتا دەسـتیان پێکـرد پێیان دەوترێـت هونەرمەندە گەنجـەکان یـان تازەپێگەیشـتووەکان،

پێموایە ئەمەش کارێکی سروشـتییە و هەموو هونەرمەندێکیش شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، گرنگ ئەوەیە هونەرمەند بتوانێت لەسەر ئاستی هونەری خۆی کە پێی ناسراوە بمێنێتەوە.

*** ئێسـتاش سـەیری ستار ئەکادیمی دەکەیت؟**

- بەڵێ بەردەوام سـەیری دەکەم و هەسـت دەکـەم کـە توانـا و بەهرەی هونـەری زۆر بەشـداری دەکەن و جەماوەریش گەرموگوڕتر سەیری بەرنامەکە دەکات.

*** هەسـت بەچـی دەکەیت کـە ڕۆژانی ئەکادیمیت بە بیر دێتەوە؟**

- هەسـت بە خەمێکی زۆر دەکەم و زۆریش بیری هاوڕێکانم دەکـەم، هەرچەندە یادگاری خۆشیشـم هەیە، بۆیە زۆر جار کە کاتم هەبێت دووبارە سـەیری ڤیدیۆکان دەکەمـەوە و زۆر جاریش دەگریم بۆ ئەو کاتانە.

*** ئایا ناوبژیوانانی ستار ئەکادیمی بێلایەن بوون؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت ناتوانین بڵێین بێلایەن نەبـوون، چونکە تا ئێسـتا چەندین قۆناغی بڕیوە و هەر بەشداربوویەك کاتێك کە دەردەچێت لەلایەن لیژنە و بـە ڕێگای نامەی بینەرانەوە بڕیاری لەسـەر دەدرێت، ئاساییە هیچ کەسێك بە ئاسـانی تەقەبولی دۆڕان ناکات، من خۆم یەکێکم لەوانەی کە هەندێك جار هەسـتم بەوەم کردووە کە زوڵمم لێکراوە، بەڵام مەرج نییە ئەو هەستەی من لە جێی خۆی بووبێت.

*** خۆشەویستی چۆن پێناسە دەکەی؟**

- مـن لـە حاڵەتێکـی خۆشەویسـتی هەمیشـەییدام و پێموایە هیچ کەسێك ناتوانێت بەبێ خۆشەویستی بژیت، چونکە خۆشەویستی زۆر گرنگە بۆ ژیان.

*** خەونەکانی داهاتووت چین؟**

- هیوای تەندروسـتی بۆ خۆم و ئەندامانی خێزانەکەم دەخوازم، هیوادارم هەمیشـە لەلایەن جەماوەرەوە خۆشەویست بم.

*** جگـە لە گۆرانی گوتـن ئارەزووەکانت چین؟**

- وەرزش بەشێکی گرنگە لای من بەتایبەتی مەلەوانی و گۆلف.

*** دڵـت بەچی خۆش دەبـی و بەچی دڵ تەنگ دەبی؟**

- من زۆر دڵ تەنگ دەبم بەوەی کەسێك لە خۆم زویر بکەم بەبێ ئەنقەست.

*** چیت لە بەرنامەدایە بۆ داهاتوو؟**

- بێگومان هونەر بۆ من بەشێکی نەپچڕاوە لە ژیانی من، بۆیە چاوەڕێی کاری نوێم بن.

## ئەو فیلمانەی لەم هەفتەیەدا زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە

# فیلمی "دورگەی داخراو" پلەی یەکەمی ئەم هەفتەیەی بەدەست هێنا



1

فیلمی "Shutter Island" دورگەی داخراو، بەماوەی سێ ڕۆژ توانی لەڕووی بەدەست هێنانی داهاتەوە ببێتە فیلمی یەکەمی هەفتە لە سینەماکانی ئەمەریکادا. ئەم فیلمە لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٤٠ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێنا. فیلمەکە باس لە ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەکات کە بەسەر پۆلیسێکی پلەداری "F.B.I" ئەمەریکی لەسەدەی ڕابردوو لەساڵی ١٩٥٤زدا هاتووە. ئەم پۆلیسە تووشی نەخۆشییەك دەبێت، ڕاست لەو کاتەدا بەفەرمانێکی میری دەکەوێتە دورگەی "ماساشوستس" و لەو دوورگەیەش هیچ نەخۆشخانەیەکی لێ نییە، تەنها نەخۆشخانەیەك نەبێ کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان (نەخۆشخانە). کە بۆ چارەسەری ڕوو لەو نەخۆشخانەیە دەکات، بەبێ هیچ چەشنە پشکنینێك وەك شتێك مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و لەناو شێتەکان شوێنێکی بۆ دابین دەکەن، بۆیە هەوڵ دەدات چەندین ڕێگە بدۆزێتەوە کەوا ڕزگاری بێت لەو شوێنە یاخود تێیان بگەیەنێت کە شێت نییە و تەنها نەخۆشییەکی ئاسایی هەبووە، و بەهەڵە ڕوویکردۆتە ئێرە، دواتر لەو شوێنە ڕزگاری دەبێت کەبۆ ئەو ببوو بە مۆتەکە. فیلمەکە لە دەرهێنانی "مارتن سکورسیزی"یە، ئەکتەر بەناوبانگی هۆلیوۆد "لیوناردۆ کاپریۆ" لەگەڵ هەریەك لە ئەکتەران "مارك ڕوفالۆ، و میشێل ولیامز" ڕۆڵی پاڵەوانێتی فیلمەکەیان دەگێڕن. لیوناردۆ کاپریۆی تەمەن ٣٦ ساڵ، ئەکتەرێکی ئەمەریکییە، لەدایك و باوکێکی ئەوروپی، باوکی ئەڵمانییە و دایکیشی ئیتاڵییە، ئەم ناوەش دایکی بۆی هەڵبژاردووە، چونکە لەکاتی دووگیانیدا بە"لیۆناردۆ دافینشی" وێنەکێشی بەناوبانگی جیهانی زۆر سەرسام بووە، لیۆناردۆی ئەکتەر ڕۆڵی پاڵەوانێتی لە بەهێزترین فیلمەکاندا بینیوە، وەك فیلمی "تایتانیك" و فیلمی "فرۆکەوان" و لە فیلمی یەکەمدا خەڵاتی ئۆسکار و لە دووەمیش گۆڵدین گڵۆبی پێبەخشراوە، ئەم دوو خەڵاتە گرنگترین خەڵاتن کە دەدرێنە ئەکتەرە سینەماییەکان.

ئەمەش لیستی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکایە، بەپێی ڕیزبەندی بەدەستهێنانی زۆرترین داهات:


2


3



4



5


6


7


8



9


10

1 - Shutter Island (٤٠،٢٠٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ٤٠،٢٠٠ ملیۆن$، بەیەك هەفتە، نرخی پلیت:٨٠$.

2 - Valentine's Day (١٧،١٦٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ٨٧،٤٢٢ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشوو:١، نرخی پلیت:٥٢$.

3 - Avatar (١٦،١٠٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ٦٨٧،٨٢١ملیۆن$، بە١٠ هەفتە، پلەی پێشوو:٤.

4 - Percy Jackson and the Olympians: The Lightning Thief (١٥،٣٠٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ٥٨،٧٦٠ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشوو:٣، نرخی پلیت:٩٥$.

5 - The Wolfman (٩،٨٤٦) ملیۆن$، کۆی داهات: ٥٠،٣١٥ ملیۆن$، بە٢ هەفتە،پلەی پێشوو:٢، نرخی پلیت:١٥٠$.

6 - Dear John (٧،٣٠٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ٦٥،٩٧١ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشوو:٥، نرخی پلیت:٢٥$.

7 - Tooth Fairy (٤،٥٠٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ٤٩،٨٦٧ ملیۆن$، بە٥ هەفتە، پلەی پێشوو:٦، نرخی پلیت:٤٨$.

8 - Crazy Heart (٤،٠٠٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ٢١،٥٨٥ ملیۆن$، بە١٠ هەفتە، پلەی پێشوو:٩، نرخی پلیت:٧$.

9 - From Paris With Love (٢،٥٠٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ٢١،٢٠٠ ملیۆن$، بە٣ هەفتە،پلەی پێشوو:٧، نرخی پلیت:٥٢$.

10 - Edge of Darkness (٢،٢١٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ٤٠،٣١٦ ملیۆن$، بە٤ هەفتە، پلەی پێشوو:٨، نرخی پلیت٨٠$.

ئا: عەبدوڵا چنگیانی

## شوان شێخانی بۆ گوڵان:

# زیاد ئەسعەد لە کوردستان دیاردەیەکە و زەکەریا

● هونەرمەند شوان شێخانی لە کاتێکدا کوردستانی جێهێشت و رووی لە غەریبی کرد، کە لە رووی هونەرییەوە لە لوتکەدا بوو، هەرچەندە بە ژمارە گۆرانییەکانی زۆر نەبوون و کلیپیشیان بۆ نەکرابوون وەک ئەوەی ئێستا هەیە، بەڵام ئەو چەند گۆرانییەی ئەوکاتی لەسەر هەموو زارێک بوون و شوێنی خۆیان کردبۆوە، چونکە لەو گۆرانیانە بوون کە بە ئاسانی لە یاد ناکرێن و لە بیر ناچنەوە وەک زۆربەی ئەوانەی ئێستا هەن، هەربۆیەشە کاتێک گۆرانیبێژێکی لاوی وەک گۆران ساڵح دووبارە بەشێواز و دابەش کردنێکی تا رادەیەک نوێوە دووبارەی کردەوە، هەمان روحییەتی جارانی مابوو، هونەرمەند شوان شێخانی کە خاوەنی زیاتر لە ٣٥ گۆرانییە، ماوەیەکە گەڕاوەتەوە کوردستان و وەک خۆی دەڵێ چەندین بەرهەمی نوێی ئامادەیە، کە حاڵی حازر لەرووی ئیمکانیاتی ماددییەوە ئەو توانایەی نییە بڵاویان بکاتەوە، بەڵام هەر کە دەرفەتی بۆ رەخسا، ئەوا پێشکەشی جەماوەری دەکات. لە بەسەرکردنەوەیەکدا هونەرمەند شوان شێخانی بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.●



*** ئەو کاتەی کوردستانت بەجێهێشت لە ڕووی هونەرییەوە لە لوتکەدا بووی، کە ڕۆیشتی دەنگت نەما، هۆکاری ئەمە چی بوو؟**

- لە هۆڵەندا پێویست بوو پێنج ساڵ بخوێنم، جگە لەمەش دوو ساڵی خایاند تاکو گەیشتمە هۆڵەندا، پێنج ساڵ تەنها بایەخم بە خوێندن دا و زۆر هەوڵم دا بۆ ئەوەی بەباشی فێری زمانی هۆڵەندی ببم، زۆر خۆم ماندوو کرد تا بەتەواوی زمانەکە فێربووم، لەوێ خەونم بە هۆڵەندی دەبینی، زۆر ئاشنایەتیم لەگەڵیان هەبوو ئەوان زۆر باش بوون، نازانم تەنها ئەوانەی دەوروبەرم وەها بوون یان کۆمەڵگاکەیان بەشێوەیەکی گشتی بەو شێوەیەن. خوێندنم تەواو کرد و زمانەکە و نووسین بە هۆڵەندی زۆر ئاسان بوو لای من. کارێکم پێ سپێردرا لەخولێکی هەشت مانگی بەشداریم کرد کارەکە زۆر باش بوو نەم دەتوانی وازی لێ بهێنم.

*** کەسی هونەرمەند لەهەر شوێنێک بێت حەز و ئارەزووی بۆ هونەرەکەی هانی دەدات کاری بۆ بکات، ئەو کاتە هونەر چ بۆشاییەکی لەژیانی تۆ درووست کرد؟**

- بۆشاییەکی زۆر گەورەبوو، بەڕاستی ئەوەندەی بیرم لای هونەر بوو ئەوەندە بیرم لای کوردستان نەبوو، ئەو هونەرمەندانەی چووبوونە دەرەوە زۆربەیان لەسوید نیشتەجێ بوون، ئەوان لەسوید گروپێکی زۆرباشیان پێکهێنا، ئەوانە هاوکاری یەکتریان دەکرد و یارمەتیدەری یەکتر بوون، کەسانێکی زۆر کەم لەهۆڵەندا بوون، کەسانێکی لێ بوو وەک من لەبەر کاری تر بواری ئەوەیان نەبوو کاری هونەری بکەن. بەڵام لەو کاتەشدا هەموو شەممە و یەکشەممەیەک دەچووم بۆ کۆنسێرتی هونەرمەندانی هۆڵەندی یان وڵاتانی ڕۆژئاوایی تر، کامکاران و عەزیزی شارۆخی و زۆری تر ئامادەی هەموویان دەبووم. نەک بۆ گۆرانی گوتن، بەڵکو وەک حەزێکی خۆم بۆ هونەر تەنانەت بۆ سەیرکردنی شانۆکانیش دەچووم.

*** ئەو کاتە وەک هونەرمەندێکی کورد بارودۆخەکە ڕێگای پێدای تینوێتی خۆت بەهونەری هۆڵەندی بشکێنی؟**

- بەڵێ توانیم بە هونەری هۆڵەندی ئەو تینیوتییە بشکێنم، سیدی نەما نەیکڕم هی ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان هی

# ـــاش لە لوتکەیە و کەس ناتوانێت تەقلیدی بکاتەوە

گۆرانیبێژانی هۆڵەندی، زۆربەیان ستایلەکەیان خاو بوو، زۆر ئارەزووم لەو ستایلە بوو. ئێستاش ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەو سیدیانەم ماوە، سیدی گۆرانیبێژە کۆنەکانی ئەڵمانی و بەلجیکی کە بەهۆڵەندی گۆرانیان گوتووە. زۆربەیانم لەبەر کردبوو، سروودی نیشتمانی هۆڵەندام دەگوتەوە لەکاتی کارکردندا ئەوان وەك من نەیاندەزانی بیڵێنەوە. زۆر گۆرانی هۆڵەندیم دەگوتەوە کە ئەوانەی لەشوێنی کارکردن لەگەڵم دابوون نەیاندەزانی، لەبەر ئەوەی ستایلەکەی خاو بوو زۆر لەستایلی ئێمە دەچوو.

*** بیرت لەوە نەکردۆتەوە گۆرانییەك بەزمانی هۆڵەندی بڵێی کە باسی کورد بکات؟**

- نەخێر، بەڵام ئاوازی زۆر خۆشیان هەیە حەز دەکەم لەداهاتوودا لەگۆرانی کوردیدا بەکاری بهێنم بەتایبەتی دوو ئاوازی زۆر سەرنجڕاکێش هەن کە حەز دەکەم بە کوردی بیانڵێمەوە.

*** پێت وایە ئەو کاتە جەماوەری کوردی چۆن پێشوازی لەگۆرانییەکی کوردی بەئاوازی هۆڵەندی دەکات؟**

_ زۆر ئاساییە لەبەر ئەوەی من هەڵمبژاردووە دەزانم تاکی کورد حەزی لەو جۆرە ئاوازانەیە. چونکە ئاوازەکە هی ئەوەیە کورد گوێی لێ بگرێت لەگۆرانییەکی کوردیدا هەست ئەکەم بە دڵی جەماوەر دەبێت.

*** لەو ماوەیەی لەهۆڵەندا بووی تاچەند ئاگاداری بارودۆخی هونەری کوردی بوویت؟**

- کە لەوێ بووم هەموو مانگێك دەچوومە شارە گەورەکان بۆ کڕینی نوێترین سیدی کوردی، هەر سیدیەکی تازەی کوردی بڵاوکراباوە لەو سوپەرماکێتانەی کە شتی کوردیان دەفرۆشت، لەوێ پەیدام دەکرد. مانگانە دەچووم بۆ ئەوەی بزانم سیدی نوێی کوردی هاتووە یان نا.

*** لەو ئاهەنگانەی کە سازدەکران بەشداریت کردووە؟**

- تەنها وەك کەسێکی ئاسایی چوومە بۆ ئامادەبوون ئەگەر نا گۆرانیم نەگوتووە. خۆشم بە کەس نەناساندووە، بەتایبەتی لەئاهەنگەکانی نەورۆز ناسری ڕەزازی دەهات زۆربەی گۆرانیبێژەکان دەهاتن بە بێ ئەوەی کەس بزانێت شوانە شێخانی لەوێیە لەگەڵ خەڵك دەچووم لای ئەوان دادەنیشتم.

*** تۆ تاچەند ئاگاداربووی کە گۆران سالح گۆرانی تۆی گوتەوە؟ ئەو گۆرانییەکەی زیندوو کردەوە و ناوبانگیشی پێ دەرکرد؟**

- کە هاتمەوە پەیوەندی پێوە کردم، پێش بڵاو کردنەوەی گۆرانییەکە گوتی دەمەوێت گۆران یەکە بڵاو بکەمەوە، منیش گوتم پێش ئەوەی بڵاوی بکەیتەوە حەز دەکەم گوێم لێی بێت. کە گوێم لێ گرت، پێم گوت دەستت خۆش بێت زۆر لە من باشتر گۆرانییەکەت گوتووە، مۆسیقا و ئەداکەشی باشترە. بەس یەك خاڵ هەیە من بە غەریبی گۆرانییەکەم گوتەوە کە گوێت لێی دەبێت بەزەییت بە من دا دێتەوە گریانت دێت ئەو وای نەکردووە، ئەو بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە و سەردەمیانە تۆماری کردووە.

*** بەڵام ئەو نوێکارییە لەزۆربەی بەرهەمەکانی ئێستا هەستی پێ دەکرێت بەڕای تۆ هۆکاری چییە؟**

- هەر گۆرانییەك کە گوێ بیستی دەبیت بە دەنگی کەسێك بۆ نموونە حەسەن زیرەك گۆرانییەکی گوتووە هەر کەسێك گۆرانییەکە بڵێتەوە وەك حەسەن زیرەکی پێ ناگوترێتەوە، لەبەر ئەوەی زۆر گوێت لێ بووە و عاشقی گۆرانییەکە بوویت و یادگاریت لەگەڵیدا هەیە، ئێستا کە هونەرمەندێك ئەو گۆرانییە دەڵێتەوە هەرگیز ناتوانێت وەك ئەوەی حەسەن زیرەك دووبارە بکاتەوە. لەبەر ئەوەی تاموچێژەکە لەدەنگی حەسەن زیرەك دایە.

*** هەندێ کەس هەیە گۆرانی دەڵێت مۆسیقا و دەنگی خۆی لەیەکتری جیاوازن بۆ نموونە گۆرانییەکە غەریبییە کەچی مۆسیقاکە خێرایە ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من ئەوە بۆ ستۆدیۆ دەگەڕێنمەوە. گۆرانیبێژی ئێستا کە گۆرانی دەڵێت لەستۆدیۆ پارچە پارچە یان وشە وشەت لێ وەردەگرێت. واتە بەشێکی مۆسیقا کە لێدەدرێت لای تۆمار دەکرێت ڕێگە نادات دووبارەی بکاتەوە ئەو پارچەیەی هەڵی گرتووە دەی هێنێتە کۆپلەی دووەم و سێیەم، ئەوە خەتای گۆرانیبێژەکە نییە بەڵکو خەتاکە لەستۆدیۆیە، ستۆدیۆ پارچە پارچەت لێ وەردەگرێت، لێرەدا ڕوحییەتی گۆرانییەکە نامێنێت. ئەمە دەگەڕێنمەوە بۆ شارەزایی نەبوونی ستۆدیۆکان، هەموو هونەرمەندێك حەزدەکات مۆسیقای گۆرانییەکە بەتەواوی بێت، بەڵام کە پارچە پارچە بێت کە سێ جار چوار جار گوتی ئاگات لە وشەکان بێت ئاگات لە دەربڕین بێت، گۆرانیبێژ لێی تێکدەچێت. کاتی خۆی کە گۆرانیم دەگوت یەك جار گوتومە و تۆمارکراوە، قەت دووبارە یان زیاتر لە جارێك نەم گوتۆتەوە. گۆرانییەکەم گوتوە تا کۆتایی گوێشم لێ نەبووە ئاخۆ چۆن بووە، گۆرانی دووەم و سێیەم و تاکۆتایی ئەلبوومەکەش بەو شێوەیە واتە لەماوەی چوار کاتژمێر حەفت گۆرانیم گوتووە بە بێ ئەوەی بزانم هەڵەی تێدایە یان نا، کەموکورتی تێدایە یان نا. بۆیە لەزۆربەی گۆرانییەکانی خۆم پەشیمانم لەبەر ئەوەی هەڵەی تەکنیکی تێدایە، خێرایی و خۆ ئامادەنەکردنی تێدا هەست پێ دەکرێت. بەڵام تەکنەلۆژیای ئێستا یارمەتی هونەرمەند دەدات کە بە ئارەزووی خۆی گۆرانی بڵێت، یارمەتی هونەرمەند دەدات بەشێوەیەکی باشتر ئەدای خۆی بکات، بۆ نموونە هێمن حوسێن دەنگێکی سادە و زۆر نەرم، بەڵام ئەدای بەهێزە، یان هەردی دەنگێکی ناسکی هەیە و لە دوازدە مەتر زیاتر گوێت لەدەنگی نابێت بەڵام کە مایکرۆفۆن بەدەستەوە دەگرێت ئەدای گۆرانییەکە دەکات سەرسامت دەکات. داهێنەرە بەداخەوە ڕێزی هونەرمەندانی هەولێر نەگیراوە کە شایستەی خۆیان بێت هەندێکیان لەئاستی نێودەوڵەتین بۆ نموونە هەردی، گۆران، هێمن حوسێن هەروەها زیاد ئەسعەد و هاوتا ئەسعەد.

*** لەوەتەی هاتوویتەوە کوردستان بۆچی تەنها گۆرانییەکیشت بڵاو نەکردۆتەوە ؟**

- من کە هاتمەوە بەنیازی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری هاتمەوە، بۆ ئەوەی ماڵێك پێك بێنم، لەبەر ئەو هاوسەرگیرییەش بوو نەم توانی گۆرانی نوێ بەرهەم بهێنم. تا ئێستا ژیانی هاوسەرگیریم پێك نەهێناوە.

*** زۆربەی هونەرمەندان کە دێنە سەر باسی هونەرمەندانی تر ڕەخنە لەیەکتر دەگرن و هانی یەکتر نادەن، کەچی تۆ بەپێچەوانەی ئەوانەی، ئایا ئەو بەراوردە چۆن دەبینی؟**

- ئەوە بۆ کەسایەتی هونەرمەند دەگەڕێتەوە، هەر هونەرمەندێك ئەگەر گۆرانی بڵێت من پاڵپشتی لێدەکەم و پێم خۆشە، هیچ کەس وەك هونەرمەند دڵی ناسك نییە، هەر کەسێك کە گۆرانی دەڵێت هەستێکی لەدڵدایە، بۆیە نابێت دژایەتی بکرێت تاکو ئەو هەستەی دەربخات.

*** لەسەرەتای دەرکەوتنت دا کێ پاڵپشتی**

**کردیت و کێ ڕەخنەی لێ گرتی؟**

- کەس پێی ناخۆش نەبووە، گرفتم لەگەڵ هیچ هونەرمەندێـک نەبووە، بەڵکو هانیان داوم لەوانە زیاد ئەسـعەد و محەمەد عەزیز، ئێمە زۆر لەیەکتر نزیک بووین.

*** لەشـوێنێك باسـت لەوەکردبـوو کـە تێکستەکانت پیشـانی زیاد ئەسعەد دا تێبینی لەسەر هەبوو، ئەوە چۆن بوو؟**

- من و زیاد ئەسعەد هاوڕێی یەکترین، ئەو دەی گوت تێکستەکانت هیچ مانایەکیان نییە، ئەو شاعیرەی تێکسـتەکانی نووسیوە دەیەوێت بەتۆی سـاغ بکاتەوە، تۆ ئـەو گۆرانییە زۆر بەخـاوی دەڵێی، ئەو دواتر ئـەو گۆرانیانەی گوتەوە.سـتایلی زیاد ئەسـعەد لە سـتایلی موعین، شـەجەریان نزیکە، بە واتایەکی دیکە لەفارسـییەوە نزیکە. بۆیە من هیچ جیاوازی ناکەم مۆسیقا هەر مۆسیقایە ئەگەر ئیسرائیلی بێت یان ئیتاڵی یان ئەمریکی یان هەر وڵاتێکی تر بێت. کە گوێم لەمۆسـیقای لوبنانی دەبێت نابێت یەکسـەر ڕەخنەی لێ بگرم و بڵێم ئەوە عەرەبییـە، ئەوانیش میللەتن بـا گوێمان لێی بێـت. ڕەخنە لە هەڵکەوت زاهیر دەگرن گوایە ئاوازەکانـی عەرەبین دەمەوێ بزانم زیانی ئەوە چییە، با سێ کەسمان هەبێت وەك ئەو لەبواری کەلتـوور با چوار کەسـمان هەبێـت حەیران بڵێــن، با چەند کەسـێك گۆرانی بیانی بڵێن، ئەوە کەی کێشـەیە، ئەو خەڵکە لەڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەڵێن هەڵکەوت زاهیر ڕەسەنایەتی هونەری کوردی شـێواندووە، بەپێچەوانەوە من تا ئێستا هەڵکەوت زاهیرم نەبینیوە، بەڵام زۆر خۆشـم دەوێت. لەوبەر ئەوەی چەند ئاوازێکی زۆر خۆشـی داناوە. ئەوەی ئەو کردوویەتی با یەکێکی تریش لە ڕەسەنایەتی هونەری کوردی وەك ئەو بییکات و ماندوو بێت.

*** دوای ئـەوەی گۆرانییەکـەت گـوت هەڵوێستی زیاد ئەسعەد چۆن بوو؟**

- ئەو کاتە دەستخۆشـی لێکردم، سـاڵێك زیاتر لە مۆسـکۆ بەیەکەوەبوویـن، من بە ڕێگای تورکیا ڕۆیشتم ئەو لەئێرانەوە ڕۆیشت لە مۆسـکۆ یەکترمان بینی، ئێواران کە ڕۆژ ئاوادەبوو بەیەکـەوە گۆرانیمان دەگوت. بەڵام من سەرسـامم بە دەنگی زیاد ئەسـعەد، ئەو بە ڕاسـتی هونەرمەندە، نای، عود،شمشاڵ، ئۆرگ لەو ئامێرانە شارەزایە جگە لەوە تێکست دەنووسـێت و ئاوازیش دادەنێت، لە هەر چوار پارچـەی کوردسـتان هونەرمەندێك نییە وەك زیاد ئەسـعەد بەهرەمەند، ڕێکو پێك، جوان و خوێنشیرین.

*** منیـش لەگـەڵ تـۆم بـەڵام بۆچی جەماوەر لەو بەهرەیەی زیاد ئەسعەد بێبەشن؟ ئەو یارمەتـی زۆر هونەرمەندی داوە، بۆچی بەرهەمـی نییە و داهێنانەکانی پێشکەشـی جەماوەر ناکات؟**



- لەوانەیە بەهۆی کێشـەیەکەوە بێت، بەڵام ئێمە سامانێکمان لەوێ هەیە کە زیاد ئەسعەدە، ئـەو کچ و کوڕانەی تێکسـت و ئاوازی زیاد ئەسعەد دەکەنە گۆرانی،کە گۆرانییەکە دەست پێدەکات و گوێم لێـی دەبێت دەزانم ئەوە هی زیاد ئەسـعەدە. تاموچێژی دەنگی ئەوی پێوە دیارە.

*** ئەی لەبارەی پێدەنگی تۆ؟**

- سـەیری زۆر هونەرمەنـدم دەکـرد کە دەهاتنەوە دەبێت بچی لەدەرگای خەڵك بدەیت، من ئەوەم پێ نەدەکرا، ئێمە سەندیکا و وەزارەتی ڕۆشنبیریمان هەیە، کۆشکی هونەرمان هەیە، دانیشـتووین بەیەکـەوە و قسـەمان کردووە، دەیانگوت ناسـنامەی سەندیکات بۆ دەکرێت، لەوەزارەتی ڕۆشـنبیری مووچەی ڕێزلێنانت بۆ دەبڕێتەوە، ئەوانە هەمووی قسەیە، بۆچی لەبەر ئـەوەی ئەوانە خۆیان چەسـپاندووە و حەزناکـەن کـەس بچێتە تەنیشـتیان. تەنیا ئیدریس بەنیازە بڕواتەوە، مووچەی ڕێزلێنانیان بڕیوە، کۆنسێرتی بۆ ئەنجام نادەن، هونەرمەند هەستی زۆر ناسکە و ئەویش بەنیازە کوردستان بەجێبهێڵێـت. بزانـم چ ڕادیۆیـەك هەفتانە گۆرانییەکـی هونەرمەندانـی باشـی وەك عارەب عوسمان و جەلال سەعید دادەبەزێنێت، هونەرمەنـد لێرە کە تەمەنی بووە زیاتر لە چل ساڵ ڕێزی جارانی نامێنێت.

*** هونەرمەند هەیـە گۆرانییە کۆنەکانی خۆی دەڵێتـەوە، تۆ بیرت لـەوە نەکردۆتەوە گۆرانییە کۆنەکانت بە ستایلێکی نوێ تۆمار بکەیت؟**

- بەڵـێ، بەڵام ئەگـەر گۆرانـی نوێم هەبێـت بۆچی گۆرانییـە کۆنەکانم بڵێمەوە. یـان ئیبراهیم تاتلیس کە گۆرانییە کۆنەکانی دووبارە دەکاتەوە بە ستایلێکی نوێ، ئەو تاکە کەسـە کە دەنگی هیچ نەگۆڕاوە لەسەرەتای تەمەنـی هونەری خۆیەوە تا ئێسـتا دەنگی هیـچ نەگۆڕاوە، ئـەوش بەهرەیەکە و لە کەم کەس دەبینرێت.

*** بەرهەمی نوێت چییە؟**

_هونـەر لەخوێنمدایە لەهەموو شـوێنێك، ناتوانم بە بێ هونەر بژیم، ئاوازێکی زۆرم لایە تێکستیشـم لایە ئەو ئاوازنـەی کە خۆم کاتم نییـە و پێم ناگوترێنەوە بـۆ چەند گەنجێکم ئامادەکردووە بۆ ئەو گەنجانەی تازە دێنە ناو دنیـای هونەرەوە.ئەوانـەی تریش کە تێکەڵ بە خوێنم بوون سـێزدە گۆرانین کە تێکست و ئاوازی ئامادەیە ئەگەر ڕێك بکەوێت تۆماریان دەکەم و بڵاویان دەکەمەوە. ئەگەر کارئاسانیم بۆ بکرێت بەرهەمەکەم بڵاو دەکەمەوە. ئەگەر گۆرانییەك تۆمـار بکەم و کلیپی بکەم زیاتر لە سێ هەزار دۆلاری دەوێت، کەچی ڕۆژانە چەندیـن گەنج کلیپ بڵاو دەکەنـەوە نازانم ئـەو پارەیە لە کوێ دێت. بۆیە تەنها ئیدریس ناهەقـی نییە کە بـڕوات و بڵێت جارێکی تر بە ئاسمانی کوردسـتانیش نایەمەوە، چونکە لـەم وڵاتە دا ڕێز لە هونەرمەند ناگیرێت. یان بۆ نموونە کامەران سـاڵح لەبەرنامەیەك گوتی هیچ هاوکاری ناکرێم، کامەران داهێنەرە، ئەو شایانی ڕێزگرتنی زیاترە.

*** ئەی دەربارەی زەکەریا ڕات چییە؟**

_ زەکەریـا تۆپ، لاسـایی ناکرێتەوە، من دەتوانم گۆرانی زیاد ئەسـعەد و خەڵکی تریش دەتوانن گۆرانی ئەو بڵێنەوە، بەڵام هی زەکەریا لاسایی ناکرێتەوە، هونەرمەندێکی کوردم بۆ بێنە تیلی ناز یـان دایە دووبارە بکاتەوە، لەرینەوەی دەنگی و داهێنانی زەکەریا لاسایی ناکرێتەوە.

دەمەوێـت ئەوەش بڵێم کـە دەنگی هەڤاڵ ئیبراهیم زۆر لام خۆشە. لەکۆتاییدا دەمەوێت بڵێم هونەرمەند دەبێـت بوێر بێت، ئێمە لەوانە نین بچین لـەدەرگای هەندێك کەس بدەین و پەیوەندیان لەگەڵ پەیدا بکەین، ئێمە حەزمان دەکرد خەڵك لێمان بێتە پێش، کە نەهاتنە پێش ئێمەش دەڵێین بای بای.



## ئەدجانی باشترین ئەکتەرە

هەفتەی رابــردوو خەڵاتەکانی ســیزاری سینەمای فەرەنسی دابەشکران خەڵاتی سیزار زیاتر پەیوەندی بە سینەمای فەرەنسییەوە هەیە و ئــەوان زیاتر گرنگی پێــدەدەن، هەرچەندە بــەرای هەندێك ئەم خەڵاتە یەكســانە لەگەڵ خەڵاتەکانی ئۆسکاری ئەمریکی.

وەك نەریتــی هەمیشــە لەم فیســتیڤاڵەدا گرنگییەکــی زۆر بەجلوبەرگی بەشــداربووان درا. سەبارەت بە خەڵاتەکانیش ئیزابێل ئەدجانی لە فیلمی (رۆژی تەنوورە)دا خەڵاتی باشترین ئەکتەری بەدەســتهێنا، لە کاتــی وەرگرتنی خەڵاتەکەش تا رادەیەك سەرسوڕمانی پێوە دیار بوو، خەڵاتەکانــی دیکەش فیلمی (پەیامبەر) زۆرترین خەڵاتــی بەدەســتهێنا وەك خەڵاتی باشــترین فیلم و باشــترین دەرهێنەر، ئەکتەر تەهار رەحیم خەڵاتی باشــترین ئەکتەری هەر لەو فیلمە بەدەســتهێنا لەو کاتەی کە لە پلەی ١٣ دەهات، شایەنی گوتنە ئەم فیلمە پاڵێوراوە بۆ بەدستهێنانی خەڵاتی ئۆسکاریش، هەر لەم فیســتیڤاڵەدا خەڵاتێکی فەخری پێشکەش بە هونەرمەندی ئەمریکی هاریسۆن فۆرد کرا، کە ئامادەی ئاهەنگەکە بوو.

## ئەمرۆ خەڵاتەکانی ئۆسکار دابەش دەکرێن

بڕیــار وایە ئەم شــەو خەڵاتەکانی ئەکادیمیــای ئەمریکی بۆ زانســت و هونەرەکانی سینەما (ئۆســکار) دابەش بکرێن کە بە ملیۆن کەس لە سەرتاســەری جیهان راســتەوخۆ ئاهەنگەکە دەبینن. بڕیاریش وایە هەر یەکە لە ئەســتێرەکانی سینەمای ئەمریکــی ئەلیك بۆڵدوین و ســتیف مارتــن ئاهەنگەکە پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی تاموچێژێکی زیاتری پێ ببەخشن، شارەزایانی سینەما پێشبینی ئەوە دەکەن ئەم ساڵ ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکان، گەرموگوڕییەکی زیاتر لە ساڵانی رابردوو بەخۆیەوە ببینێت.

ئەم ســاڵ هەردوو فیلمی (کۆگای ئازارەکان) و فیلمی خەیاڵی زانستی (ئەڤاتار) لە سەرەوەی ریزبەندین و هەردووکیان پاڵێوراون بۆ بەدەستهێنانی نۆ خەڵاتی ئۆسکار، لە ســەرووی هەموویشیانەوە خەڵاتی باشــترین فیلم، کە ساڵانە دە فیلم پاڵێوراون بۆ بەدەســتهێنانی، بەڵام تەنانەت شارەزایانیش ناتوانن بڕیار لەسەر فیلمی براوە بدەن.

ســاڵانە دوای دابەشــکردنی خەڵاتەکانی ئۆســکار، لەلایــەن هەنــدێ لە ئەکتــەر و بەرهەمهێنــەران رەخنە و نارەزایەتی دەربڕین ســەرهەڵدەدات، ئەم ساڵیش بەر لە دوو هەفتە نیکۆڵــس چارلیزی بەرهەمهێنەری فیلمی (کۆگای ئــازارەکان) نامەیەکی لە رێگای پۆســتی ئەلیکترۆنییەوە بۆ ئەندامانی ئەکادیمی زانست و هونەری سینەما نارد و داوای لێ کردن بۆ بەرژەوەندی ئــەو دەنگ بدەن، ئەمەش بە سەرپێچییەکی ئاشکرا لە یاسا و رێسا کارپێکراوەکانی ئۆســکار دادەنرێ، هەرچەندە دواتر داوای لێبوردنی لێکرد، بــەڵام پێدەچێت بەم رەفتــارەی دووچاری ســزا ببێتەوە، زۆریش لە چاودێــران پێیان وایە ســزاکە بریتی دەبێت لە بێبەش کردنی لە ئامادە بوونی ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکان، بەڵام قســەکەرێك بەناوی ئەکادیمیــاوە رایگەیاند کە بڕیاری رێگا نەدان یان نەدان بە بەشداری کردنی لە ئاهەنگەکە ئەمرۆ دەردەچێت.



دیف کارجری رەخنەگری ســینەمایی لە گۆڤاری ئەنترتینمنت ویکلی دەڵێ: بەدەســتهێنانی خەڵاتی باشترین ئەکتەر پێویستی بە چاوەڕوانییەکــی زۆر نییە، بەڵام تا ئەو کاتــەی ناوی براوەکان و ناوی باشــترین فیلم رادەگەیەنرێ، ئــەوا هەموو لایەك بەتایبەتی پاڵێوراوەکان دەســتیان لەســەر دڵیان دەبێت. لە ساڵی ١٩٤٣ەوە بۆ یەکــەم جار ئەکادیمیای ســینەمای ئەمریکی دە فیلمی پاڵاوتووە لە جیاتی پێنج فیلم بۆ بەدەســهێنانی خەڵاتی باشــترین فیلم، ئەمەش بۆ ئەوەی رکابەرێتی نێوان فیلمە بەشــداربووەکان زیاتر بێــت، بەڵام ســەرەڕای ئەمەش رکابەرێتی راستەقینە دوو لایەنەیە و زۆر لە چاودێران (کــۆگای ئازارەکان)یان لەســەرووی فیلمە پاڵێوراوەکان داناوە، ئــەم فیلمەش بــاس لەو ســەربازانە دەکات کــە هەوڵی پوچــەڵ کردنەوەی بۆمبە چێنراوەکان لە عێــراق دەدەن، تا ئێســتاش ئــەم فیلمە ژمارەیــەك خەڵاتی بەدەســتهێناوە لەوانە خەڵاتــی هاوبەندی بەرهەمهێنــەران و هاوبەندی دەرهێنەران و نووسەران، ئەمەش تایبەتمەندییەکی تری پێ دەبەخشــێت، چونکە زۆر لە ئەندامانی ئەم هاوبەندیانە ئەندامن و مافی دەنگدانیان هەیە بۆ هەڵبژاردنی باشترین فیلمی ســاڵ، هەرچەندە ئەو کەسانەی دەنــگ دەدەن بۆ هەڵبژاردنی باشــترین فیلم، ٥٨٠٠ ئەندامــن. لەلایەکــی دیکەوە وا چــاوەڕوان دەکرێ فیلمی (ئەڤاتار)یش خەڵاتی باشترین فیلم بەدەست بهێنیــت ئەمەش لەبــەر ئەو تەکنۆلۆژیا ســێ دوورییەی کە لە فیلمەکەدا بەکارهێنراوە، هەروەها بەدەســتهێنانی زۆرترین داهات کە گەیشتە زیاتر لە ٢,٥ ملیــار دۆلار، خاڵێکی دیکەی ئیجابییە کە فیلمەکە خەڵاتی باشترین فیلم بەدەست بهێنێت و نابێ لیژنەکە ئەم لایەنە لە بیر بکات.

